**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاژاوەگێڕی و توندوتیژیی هاندەرانی تۆپی پێ*

## توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

**عبدالله علی عبدالله**

بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق.

8abdullah11abdullah83@gmail.com

**پ.ی.د. شڤان اسماعیل حمد**

بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق.

Shvan.hamad@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/١٨

پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٦

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

*Social motivations, psychological motivations, hooliganism, violence, football supporters.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.10

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەی توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی لە نێو هاندەرانی تۆپی پێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا ، کە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر وەرزش، کۆمەڵگا و ئاسایشی گشتی هەیە. ئاشکرایە، توندوتیژیی هاندەرانی تۆپی پێ دیاردەیەکی جیهانییە و لە کۆمەڵگا جیاوازەکان بەدیدەکرێت، بۆیە کۆمەڵگای کوردیش بێبەش نەبووە لەم دیاردەیە، لەم توێژینەوەیەدا لە ڕێگەی میتۆدی چۆنایەتییەوە هەوڵدراوە بە ڕوونەکردنەوەی کاریگەری پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاژاوەگێڕی و توندوتیژیی هاندەرانی تۆپی پێ، ئامانج لە توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، وەک شوناسی تیپ، هەستی سەر بە گرووپ بوون، و جیاوازییە سیاسییەکان و مەیلی هاندەرانە بۆ ڕەفتاری توندوتیژانە. لە ڕێگەی شیکردنەوەی زانستی، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ڕەگەکانی ئەم دیاردەیە ئاشکرا بکات و ستراتیژییەتی کاریگەر بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لە یاریگاکان و شوێنە گشتییەکان بدۆزێتەوە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە پڕکردنەوەی بۆشاییە

## پێشەکی

دیاردەی توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی لە نێو هاندەرانی تۆپی پێ، یەکێکە لە بابەتە کۆمەڵایەتییە هەستیارەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، کە کاریگەرییەکی قووڵ و نەرێنی لەسەر وەرزشی تۆپی پێ، کۆمەڵگا و ئاسایشی گشتی جەماوەر لە یاریگاکان و شوێنە گشتییەکاندا دەبێت. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە، کە پێویستی بە توێژینەوەی زانستی و ورد هەیە بۆ تێگەیشتن لەو پاڵنەرە کۆمەڵایەتی، دەروونی و کولتوورییانەی کە کاریگەرییان لەسەر سەرهەڵدانی ئەم ڕەفتارانە هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات پرسیارێکی سەرەکی لەم بارەیەوە وەڵام بداتەوە: چ پەیوەندییەک لە نێوان فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و مەیلی هاندەرانی تۆپی پێ بۆ ڕەفتاری ئاژاوەگێڕی و توندوتیژی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە؟ ئەم پرسیارە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی خاوەن تایبەتمەندییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەتی، کە لەوانەیە کاریگەرییەکی جیاواز لەسەر شێوازی دەربڕینی هەست و سۆز و ڕەفتاری هاندەران هەبێت.

گرفتی توێژینەوەکە لەوەدایە تۆپی پێ، کە لە بنەڕەتدا وەرزشێکی کۆمەڵایەتی و تەندروستە بۆ پەرەپێدانی یەکگرتوویی و کێبڕکێی ئەرێنی، زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێ و پێکدادان لە نێو هاندەران، کە لە هەندێک حاڵەتدا دەگاتە ئاستی توندوتیژی جەستەیی یان هێمایی. ئەم ڕەفتارە توندوتیژانە نەک تەنها ئاسایشی یاریگاکان و شوێنە گشتییەکان دەخاتە مەترسییەوە، بەڵکو کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یەکگرتوویی کۆمەڵگا دروست دەکات. گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تیشک خستنەسەر پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان وەرزش و کۆمەڵگا، کە تێگەیشتن لێی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی بەڕێوەبردنی چالاکییە وەرزشییەکان و پەرەپێدانی پەروەردەی وەرزشی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم رەفتارانەیە، دەرخستنی کاریگەرییەکانی لاساییکردنەوە لە سەرهەڵدانی توندوتیژیدا.

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە چوارچێوەیەکی تیۆری و زانستی، هەوڵ دەدات تێگەیشتنێکی قووڵ لە دیاردەی توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی لە نێو هاندەرانی تۆپی پێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا پەرەپێبدات. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانن وەک بناغەیەک بۆ پێشنیارکردنی گۆڕانکاری لە یاسا و رێساکانی پەیوەندیدار بە کۆنترۆڵکردنی رەفتاری هاندەران لە کۆمەڵگای کوردی بەکاربهێنرێن، هەروەها بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵناسی وەرزش و تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان وەرزش و کۆمەڵگا بە گشتی.

# پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاژاوەگێڕی و توندوتیژیی هاندەرانی تۆپی پێ توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

## یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە:

### 1-1گرفتی توێژینەوە:

وەرزش بە توخمە وورووژێنەرەکەی و تۆپی پێ بەتایبەتی، بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا. بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەرەوە چۆتە ئاستی ئینیمابوون و قوربانیدان لە پێناو یانەیەک، گرفتێک سەریهەڵدا کە دژە بە کایەی وەرزش و گیانی وەرزشی، ئەویش ئاژاوەگێڕی و توندوتیژییە لە نێو هاندەران تۆپی پێدا، ئەم گرفتە بەردەوام ڕووبەڕووی یاریگاکان و شوێنە گشتییەکانی جەماوەری تۆپی پێی تێیدا سەیری یارییەکان دەکەن دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەی یاری تۆپی پێ خولیاو خواستێکی تاکە کەسییە، بەڵام هەندێک جار دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێ  لە نێو جەماوەری تۆپی پێ. ئەم ڕەوشە پرسیارێکی گرنگ هەڵدەگرێت کە توێژەر بەشێوەیەکی بابەتی ئەم پرسیارە دەوروژێنیت.بۆچی هەندێک لە هاندەران پەنا دەبەنە بەر ڕەفتاری ئاژاوەگێڕی و توندوتیژی  ؟

درککردن بە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دیاردەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، یارمەتیدەر دەبێت لە تێگەیشتن لە ڕەگوڕیشەی گرفتەکە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو. ئەم جۆرە توێژینەوانە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە دارشتنی میکانیزم و ستراتیژی کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە یاریگاکان و شوێنە گشتییەکانی جەماوەری تۆپ پێ تیایدا کۆدەبنەوە.

گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین ئەم توێژینەوەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە چونکە لە کۆمەڵگای کوردی ئەنجام دەدرێت، کە خاوەن جەماوەرێکی تایبەتمەند و ژینگەیەکی جیاوازە. لێرەدا دەتوانین گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە لەم پرسیارەدا بخەینە ڕوو:

-ئایا چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و مەیلی هاندەرانی تۆپی پێ بۆ ڕەفتاری ئاژاوەگێڕی و توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان؟

## 2- 1- گرنگی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، کە توێژەر درکی بەو گرنگییە کردووە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان وەرزش (بەتایبەتی تۆپی پێ) و کۆمەڵگا، کە تێگەیشتن لێی دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر بەڕێوەبردنی ڕووداوە وەرزشییەکان و پەروەردەی وەرزشی هەبێت.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەکی هەستیار و کاریگەر لە کۆمەڵگادا، کە بریتییە لە ڕەفتاری ئاژاوەگێڕی و توندوتیژی لە نێو هاندەرانی تۆپی پێدا. هەوڵ دەدات پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی پشت ئەم ڕەفتارانە دەستنیشان بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی تێگەیشتن لەو پاڵنەرانەی وا لە تاکەکان دەکەن پەنا بۆ ئاژاوەگێڕی و توندوتیژی ببەن، لە چوارچێوەی تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان، چونکە ڕێزگرتن و پاراستنی بەها و نۆرم و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەرکی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە، ئەم توێژینەوەیە دەرفەتێکی گرنگ دەڕەخسێنێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی زانستی لەم بوارەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی گفتوگۆیەکی گشتی لە دەرخستنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژی لە وەرزشدا. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی و هاندانی بەشداری کۆمەڵگا لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە.

ئەم توێژینەوەیە دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بۆشاییانەی لە سیستەمی یاسایی و ڕێکخستنی وەرزشی هەرێمی کوردستان هەن کە پەیوەندییان بە کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری هاندەرانەوە هەیە، ئەمەش دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ پێشنیارکردنی گۆڕانکاری لە یاسا و ڕێساکاندا.

لێرەدا دەتوانین هۆیەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ڕوونبکەینەوە لە:

گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە بواری کۆمەڵناسیدا، ئەم بابەتە وەک دیاردەیەکی جیهانی کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگا و تاکەکان هەیە و دەرفەتی تێگەیشتنی قووڵ لە هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت.

دەرفەتی بەکارهێنانی ڕوانگەیەکی فرەڕەهەند دەڕەخسێنێت لە ڕێگەی تێکەڵکردنی تیۆر و میتۆدۆلۆژیای جیاواز بۆ شیکردنەوەی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان. لەلایەکی تر بەشداریکردنە لە گەشەپێدانی کۆمەڵناسی وەرزشیدا، کە وەک بوارێکی گەشەسەندوو دەرفەتی کردنەوەی دەروازەیەک بۆ توێژینەوەی زیاتر لەسەر پەیوەندی نێوان وەرزش و کۆمەڵگای کوردی.

## 3 -1 ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە شیکردنەوە و تێگەیشتنێکی قووڵ لە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی پشت ڕەفتاری ئاژاوەگێڕی و توندوتیژی لە نێو هاندەرانی تۆپی پێ لە هەرێمی کوردستان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو پاڵنەرانەی کە پاڵ بە هاندەرانەوە دەنێن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی ئاژاوەگێڕی و توندوتیژیی لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکاندا یان ڕاستەوخۆ دوای تەواوبوونی یارییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە روانگەیەکی زانستییەوە، پەیوەندی نێوان پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان و رەفتاری توندوتیژی هاندەرانی تۆپی پێ لە هەرێمی کوردستان چەندین ڕەهەندی جیاواز لەخۆدەگرێت. سەرەتا، تایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردی، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، شێوازی تایبەتی هەیە لە دەربڕینی هەست و سۆز کە رەنگدانەوەی لەو شوێنانەی جەماوەری تۆپی پێ و لە یاریگاکانیشدا دەبینرێت. ئەم دەربڕینە هەستییە زۆرجار لەژێر کاریگەریی بەها کۆمەڵایەتییەکاندایە.

**-ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە:**

**1-3-1**-دەستنیشانکردنی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاژاوەگێڕی و توندوتیژیی هاندەرانی تۆپی پێ لە هەرێمی کوردستان.

**2-3-1**- تێگەیشتن لە کاریگەری پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرهەڵدانی ئاژاوەو توندوتیژیی هاندەرانی تۆپی پێ لە هەرێمی کوردستان.

## دووەم پێناسەی چەمکەکان:

### 2.1-پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان:

الشناوی(2020)دەڵێت پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەو کاریگەرییە دەرەکییانەی، کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پێگەی کۆمەڵایەتی، و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرن و کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاک هەیە. (الشناوي، 2020: 89)، لەلایەکی تر العتوم(2019) پێیوایە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەن بۆ ئەو هێزە دەرەکییانەی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی تاکەوە سەرچاوە دەگرن و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاک هەیە. ئەمانە دەتوانن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نۆرمە کولتورییەکان، چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا، و کاریگەری گروپەکان لەخۆ بگرن(العتوم، 2019: 78).

ئانتۆنی گیدێنز(1984)دەڵێت پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی کارلێکی نێوان تاک و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانن، تاکەکان لەژێر کاریگەریی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندان و هەمیشە بەشدارن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە و گۆڕینی ئەو پێکهاتانەدا. دەڵێت "پێکهاتەسازی" بریتییە لەو پرۆسەیەی تێیدا پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان هەم هۆکار و هەم ئەنجامی ئەو کردارانەن، کە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهێنن (Giddens, 1984: 25).

پیەر بۆردیۆ(1977)، کۆمەڵناسی فەرەنسی، لە کتێبی "Outline of a Theory of Practice" دا دەڵێت؛ پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی "هابیتۆس"ن - واتە ئەو سیستەمە ناوەکیەی تاکەکان لە ڕێگەیەوە جیهان دەبینن و تێیدا کاردەکەن. پێیوایە ئەو پاڵنەرانە لە ڕێگەی پەروەردە و ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەبن و کاریگەری قووڵیان لەسەر هەڵبژاردن و کردارەکانی تاک هەیە. دەڵێت "هابیتۆس" بریتییە لەو سیستەمە بەردەوامەی دەکرێت بگوازرێتەوە و پێکهاتەیەکی پێکهێنراوە، واتە وەک پرەنسیپێک کاردەکات بۆ بەرهەمهێنانی کردارەکان و ڕێکخستنەکان، کە بە شێوەیەکی بکەری ڕێکخراون بێ ئەوەی بەرهەمی گوێڕایەڵی هیچ ڕێسایەک بن (Bourdieu, 1977: 72).

کەواتە، پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەو هەڵومەرج و هەڵچوون و ڕەفتارە تاکەکەسیانەی بە پرۆسە ئاشکرا و شاراوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییدا دروست دەبن و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە شکڵپێدانی ڕەفتاری تاکەکان.

## 2.2. ئاژاوەگێڕی(hooliganism)

درووری(2018)لە گۆڤاری "کۆمەڵناسی و توندوتیژی"دا لە پێناسەی ئاژاوەگێڕیدا دەڵێت، پرۆسەیەکی دینامیکییە کە تێیدا کۆمەڵێک خەڵک لە دۆخێکی تایبەتدا هەست بە هاوبەشی و یەکگرتوویی دەکەن، و لە ڕێگەی کرداری هاوبەشەوە هەوڵی گۆڕینی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەدەن، زۆر جار لەگەڵ پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتدا کۆتایی دێت (Drury, 2018: 41).

ئاژاوەگێڕی (الشغب) لە ڕووی زاراوە لە زمانی عەرەبیدا بریتییە لە دەرهاویشتە ناماددییەکانی ئەو توندوتیژییەی کە خۆپیشاندەران پەنای بۆ دەبەن، یان هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی توندوتیژی، بە مەرجێک ئەم هەڕەشەیە لەگەڵ توانای جێبەجێکردنی دەستبەجێدا هاوڕێ بێت (سرکوح، 2016: 163). ئاژاوەگێڕی لە ئیسلامدا بە گشتی ئاماژەیە بۆ هەر کردەوەیەک کە ببێتە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆی تێکدانی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگا. لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: "وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ" (البقرة، 2007: 191). پێغەمبەر محەمەد (د.خ) سەبارەت بە ئاژاوە دەفەرموویت:"تَكُونُ فِتْنَةٌ الْقَاعِدُ فِيهَا خَيْرٌ مِنَ الْقَائِمِ وَالْقَائِمُ فِيهَا خَيْرٌ مِنَ الْمَاشِي وَالْمَاشِي فِيهَا خَيْرٌ مِنَ السَّاعِي (الملك، 2003: 20)واتا: "ئاژاوە کە دێت، ئەوەی دانیشتووە باشترە لەوەی ڕاوەستاوە،ئەوەی ڕاوەستاوە باشترە لەوەی پیادەیە،ەوەی پیادە باشترە لەوەی بە خێرایی بۆی دەچێت.

ڕۆبێرت پارک(1967)دەربارەی ئاژاوەگێڕی دەڵێت، بریتییە لە کردارێکی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی کۆبوونەوەی خەڵکانێک لە شوێنێکی گشتیدا ڕوودەدات، تێیدا هەڵچوون و توندوتیژی بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستە دەکرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورە یاسایی و ئەخلاقییەکان. (Park, 1967: 146)

چەمکی ئاژاوەگێڕی، جۆرێک لە کۆڕەفتارێکی ئاڵۆزە ، لە سۆنگەی کۆمەڵێک گرژی و ململانێی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدات و تێیدا تاکەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی نافەرمیدا بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی و گۆڕینی واقیعی هەنووکەیی، پەنا دەبەنە بەر شێوازی نایاسایی و نائاسایی، کە زۆر جار دەرئەنجامەکەی سەردەکێشێت بۆ پێکدادان و توندوتیژی و دەبێتە هۆی شلەژانی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵگا.

### 2. 3. توندوتیژی (violence)

یاسین(2023) دەڵێت، توندوتیژی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بریتییە لە ئەنجامدانی چەندین کرداری توندوتیژی کەسی بەئاشکرا ئەنجام ئەدرێت لەسەر دەستی کەسانێک پەیوەندییەکی پتەویان نییە لەگەڵ قوربانیەکە، کە لەوانەیە شەڕی چەتەگەری ،دروستکردنی ئاژاوە،تەقەکردن،دەستدرێژی کردن لە شوێنی کار،کارە تیرۆرستیەکان،جەنگ،پاکتاوی ڕەگەزی،خراپ مامەڵەکردن ئەگەر هاتوو جەستەیی یان سێکسی یان سۆزداری بگرێتەوە. (یاسین، 2023: 13)

حسین(2020) پێیوایە لە زمانی عەرەبیدا توندوتیژیی لە کرداری توندەوە هاتووە (العنف) لە کرداری (عنف بە)ەوە ،واتا شەتەکی داو توند و ڕەق بوو لەگەڵیدا، بۆیە پێی دەگوترێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توندوتیژیی(العنف) (حسين، 2020: 70)، هەر سەبارەت بە چەمکی توندوتیژیی نەوڕۆڵی(2020) دەڵێت توندوتیژیی ئەو ڕەفتارەیە یان ئەو کردەوەیە کە بە شەڕەنگێزی دەناسرێ و لەلایەن کەسێکەوە یان کۆمەڵێکەوە یان چینێکی کۆمەڵایەتی یاخود لەلایەن دەوڵەتێکەوە پیادە دەکرێت بە مەبەستی قۆستنەوە و ملکەچ پێکردنی لایەنێکی دیکە لە چوارچێوەی پەیوەندی هێزێکی ناتەواو لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە کە دەبێتە هۆی زیان پێگەیاندنی مادی یان ڕۆحی یان دەرونی کەسێک یان کۆمەڵێک یان چینێکی کۆمەڵایەتی یاخود وڵاتێکی دیکە (نەوڕۆڵی، 2020: 216). هەروەها ئەلحەیدەری(2018) لە زمانەوانیدا وشەی توندوتیژی لە زمانی لاتینیدا (Violence)ی پێدەگوترێت ، دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Violare) کە بە مانای ئازاردان یاخود پێشێلکردن دێت. لە زمانی ئینگلیزییشدا وشەی (Violence) بە مانای زیندوویێتی (Vitality) دێت ، چونکە وشەی توندوتیژیی (Violence) لە وشەی لاتینی(Vis)ەوە وەرگیراوە ،واتا هێز لە فۆرمە فیزیکییە بەرجەستەکەیدا، کە دژی کەسێک یاخود شتێک پراکتیزە دەکرێت، ماناکەشی گرتنەبەری هێزی جەستەییە بە ئامانجی زیانگەیاندن بە ئەوانی دیکە. (ئەلحەیدەری، 2018: 22).

پێندرۆیی(2012) لەڕووی یاساییەوە توندوتیژیی پێناسە دەکات، بەوەی تاوانە و تیایدا هێز بەکاردەهێنرێت و ئەو هێزەش بریتییە لە توندوتیژیی کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر کەسایەتی مرۆڤ یان ناموسی بەکاردێت ، هەروەها بەکارهێنانی هێزی ماددیە بۆ گەیاندنی زیانی ماددی بە کەسێکی دیکە. (پێندرۆیی، 2012: 24)،وە محمد(2007) پێیوایە توندوتیژیی ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی ناشەرعی یان نایاسایی،کەسی توندوتیژیی کاردەکات بۆ بردنی ئیرادەی کەسی بەرامبەر،ڕەفتاری توندوتیژیی بە ناعەقلانی و نەشیاو دەناسرێتەوە،کەسانی توندوتیژ دیدگا و دانایی و خۆکۆنترۆڵکردن لەدەست دەدەن. (محمد، 2007: 141)، پییر بۆردیۆ(1991)پێیوایە توندوتیژی هێمایی فۆرمێکی نەرم و شاراوەی توندوتیژییە کە لە ڕێگەی سیستەمە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت. ئەم جۆرە توندوتیژییە لە ڕێگەی زمان، واتا، و نیشانەکانەوە کار دەکات و بە شێوەیەکی نەستی لەلایەن تاکەکانەوە قبوڵ دەکرێت. گرووپە بەهێزەکان لە کۆمەڵگادا ئەم میکانیزمە بەکار دەهێنن بۆ سەپاندنی دەسەڵات و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیروباوەڕی خۆیان بەسەر گرووپە لاوازەکاندا، بە شێوەیەک وەک شتێکی سروشتی و ڕەوا دەردەکەوێت. بۆ نموونە، سیستەمی پەروەردە، میدیا، و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم جۆرە توندوتیژییەدا. (Bordieu, 1991: 163)
لە میانەی ئەو پێناسانەی پێشوو دەتوانین بڵێین "توندوتیژی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەفتار و کردار کە مەبەست لێیان ئازاردان ، زیانگەیاندنە بە کەسانی تر یان گرووپێک لە ڕووی جەستەیی، کۆمەڵایەتی ، و دەروونییەوە. ئەم ڕەفتارانە بەرهەمی کارلێکی ئاڵۆزن لە نێوان فاکتەرە تاکەکەسییەکان، هەروەها پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانە فێربوونی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تێبینیکردن و لاساییکردنەوە، کاریگەری گرووپ، و سستەمەکانی پاداشت و سزادان لە کۆمەڵگادا.

## سێیەم: توێژینەوە ناوخۆییەکان.

**3 .1**.توێژینەوەی ناظم کاظم جواد،أیسر أحمد حارز (2014) بەناونیشانی (دۆزینەوەی پێوەرە ستانداردەکانی دەمارگیری وەرزشی لای هاندەرانی تۆپی پێ لە زانکۆی دیالە ئەنجامیانداوە.
توێژینەوەکە ئامانجی دۆزینەوەی پێوەرە ستانداردەکانی دەمارگیری وەرزشییە، تێگەیشتن لە چەمک و پێوەرەکانی، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە. توێژەران لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاری بە شێوازی ڕووپێوی کارییان کردووە، نموونەی توێژینەوەکەیان بە شێوەی هەڕەمەکی وەرگرتووە، بریتییە لە(530)یەکە لە هاندەری یانەکانی بەشداربووی خوولی پلە یەک و دووی تۆپی پێ عیراق لە شاری دیالە. توێژینەوەکە گەیشتووە بەچەند ئامانجێک لەوانە:
1- دەمارگیری پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گرنگی یارییەکان و ئاستی یانەکان هەیە، ئەو یانانەی لە ڕیزی پێشەوە کێبڕکێ دەکەن زیاتر ئاراستەی هاندەرانیان بەرەوئاژاوەگێڕی و توندوتیژیی پەلدەکێشێت.

2- ژینگە و دیزایینی یاریکاگان، یارمەتیدەرن بۆ دروستبوونی ئەم دیاردەیە.وەک نەشیاوی لە ڕووی دیزایینی یاریگاکان و نەبوونی شوێنی شیاو بۆ دانیشتنی هاندەران و کەموکوڕی لە ڕێکخستنی یاریگاکان.

**2-3.** توێژینەوەی هاوکار سالار احمد(2020) بە ناونیشانی توندوتیژی و ئاژاوە لە یاریگاکانی تۆپی پێی هەرێمی کوردستان.

ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بریتین لە زانینی هۆکارەکانی توندوتیژیی و ئاژاوەگێڕی لە یاریگاکانی تۆپی پێ لە هەرێمی کوردستان ، هەروەها زانینی ژمارەو داتا لەم بوارەدا و هۆکاەکانی پەیوەست بە توندوتیژیی و ئاژاوەگێری لە یاریگاکانی تۆپی پێ لە هەرێمی کوردستانی عیراق. کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتییە لە یاریگاکانی هەرێمی کوردستان، لە توێژینەوەکەیدا میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەکارهێناوە، لەرێگەی فۆرمی ڕاپرسی بە بەشداری (150)یەکە، لە بواری وەرزش، لەوانە (ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی، پسپۆڕانی پەروەردەی وەرزشی و ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێ لە هەرێمی کوردستان). لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەن:

1-کارگێڕان و ڕاهێنەران لە پلەی یەکەمدا، پاشان جەماوەر، داوەران و یاریزانان کاریگەرترین هۆکارەکانی توندوتیژین لە یاریگاکاندا.

2- پەیرەوکردنی یاسای توند دژی ڕەفتاری توندوتیژانە، کاریگەری ئەرێنیی هەیە لە کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیەدا. توێژەر پێیوایە یاساکان زۆر ساکارن و ئەوانەی ئاژاوە دەنێنەوە بە ئاسانی لێی دەربازدەبن بۆیە ئەم دیاردەیە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

**3-3**-توێژینەوەی معتصم محمود شطناوی،هاوکارانی (2022) بە ناونیشانی توندوتیژی وەرزشی لە ڕوانگەی خوێندکارانی کۆلێژی زانستە وەرزشییەکان لە زانکۆی تکریت لە عێراق. ئامانجی توێژەران پێکهاتووە لە دیاریکردنی ئاستی توندوتیژی وەرزشی لە نێو خوێندکارانی زانکۆی تکریت، شیکردنەوەی جیاوازییەکان لە ئاستی توندوتیژی وەرزشی بەپێی گۆڕاوەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون و قۆناغی خوێندن. توێژەران میتۆدی وەسفییان بەکارهێناوە بۆ گونجانی لەگەڵ سروشت و ئامانجەکانی توێژینەوەکە، کە داتاکان بە وردی شیکراونەتەوە بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە دیاردەکە،ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی. کۆمەڵگا توێژینەوەکە پێکهاتووە لە زانکۆی تکریت قەبارەی نموونەکە لە (83) یەکە لە(کچ و کوڕ) لە کۆلێژی زانستە وەرزشییەکان لەخۆ دەگرێت، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون.توێژەران لە چەند خاڵێک ئەنجامەکانیان خستۆتەڕوو لەوانە :

1-ئاستی توندوتیژی وەرزشی لە نێو خوێندکاران مامناوەند بووە.

2- بوونی جیاوازی ئاماری لە ئاستی توندوتیژی وەرزشی بەپێی گۆڕاوەکانی وەک ڕەگەز و شوێنی نیشتەجێبوون. بۆنموونە ئاستی توندوتیژیی لە نێو ڕەگەزی (نێر) زیاتر بووە لە ڕەگەزی (مێ). ئەو قوتابیانەی لە نیشتەجێی شوێنە میللییەکان بوونە زیاتر مەیلیان بۆ توندوتیژیی بووە بە بەراوورد بە ناوچەکانی تر.

## چوارەم: پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاژاوەگێری و توندوتیژیی

توندوتیژیی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەرئەنجامی ڕەتکردنەوەی واقیع یان بێبەشبوونی ماددی یان مۆڕاڵییە، وەک دەزانین مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵە و بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی پێویستی بە پەیوەندی و دروست کردنی گروپ و چوونە ناو گروپ هەیە، بۆ نموونە دروستکردنی خێزان و پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەرەکەی. ئەمەش لەگەڵ ئەوەی ئاسوودەیی پێدەبەخشێن، هەندێکجار دەگۆڕێت بۆ گرفتی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیری لە پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر و خودی خۆی. بۆیە هەر کاتێک هەڵێکی بۆ بڕەخسێت بە ڕەفتاری جۆراوجۆر دەریاندەبڕێت. پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک هۆکاری کاریگەرن کە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دیاریکردنی کردە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگادا. کەموکوڕی لە پرۆسەی پەروەردە یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات (عبید، 2022: 156)، چونکە پەروەردە ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە دروستکردنی کەسایەتی تاک و چاندنی بەها دروستەکان. هەروەها هەستی سەر بە گرووپ بوون وەک

خەسڵەتێکی سروشتی مرۆڤ، کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاکەکان هەیە، کە دەتوانێت ئاراستەی ئەرێنی یان نەرێنی وەربگرێت. شوناسی تیپ و هەستی سەر بە کۆمەڵێکی دیاریکراو بوون کاریگەری قووڵی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا شارچێتی و ناوچەگەری وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی دابەشبوون و جیاکاری. هەروەها لاوازی سستمی یاسایی و کەمی لێپرسینەوە دەرفەتی زیاتر بۆ پێشێلکاری و لادان لە ڕەفتارە دروستەکان دەڕەخسێنێت، لە هەمان کاتدا جیاوازیی بۆچوونی سیاسی دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی کەلێنی کۆمەڵایەتی. لەلایەکی دیکە کێبڕکێی بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات و هەندێک جار دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی بەها کۆمەڵایەتییەکان.

بەپێی توێژینەوەی سپاج(Spaaij) لە ساڵی (2014)لە گۆڤاری Sport in Society، دەرکەوتووە کە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستبوونی توندوتیژی لە ناو هاندەراندا دەگێڕن. توێژینەوەکە کە لەسەر (1200) هاندەر لە (6) وڵاتی جیاواز ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە (68%)ی ڕەفتارە توندوتیژەکان پەیوەندیان بە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە هەیە (Spaaij, 2014: 27). بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، پێویستە هەموو ئەم پاڵنەرانە بە شێوەیەکی گونجاو ڕێکبخرێن و کۆنترۆڵ بکرێن، بە جۆرێک کە ببنە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی کۆمەڵگا. هەروەها پێویستە گرنگی بە پەروەردەی دروست و چاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان بدرێت، لەگەڵ بەهێزکردنی سستمی یاسایی و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گشتییەکان. لێرەدا پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان لەم بابەتانەی خوارەوە دەخەینەڕوو.

### 4.1.شوناسی تیپ:

لە یاری تۆپی پێدا زۆر جار لە سنووری وەرزش تێدەپەڕێت و دەبێتە بەشێک لە ناسنامەی تاکەکەس و کۆمەڵایەتی هەواداران. ئەم پەیوەستبوونە قووڵە دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە هاندەران هەر جۆرە ڕەخنە یان شکستێکی تیپەکەیان وەک هێرشێک بۆ سەر شوناسی خۆیان

ببینن و بە توندوتیژی وەڵام بدەنەوە. برۆنا زانی و ئێریچ کیرچلەر لە ساڵی(1991) لە توێژینەوەکەیاندا ئاماژەیانکردووە کە هاندەران، تیپەکانیان گرێداوە بە ژیانیان و ئامادەن قوربانی لە پێناویدا بدەن و خۆیان بە خاوەنی ئەو مێژووی تیپ دەزانن و شانازی پێوەدەکەن. (Zani and kirchler, 1991: 33).

لە کۆمەڵگای کوردیدا، شوناسی تیپ تەنها ناسنامەیەکی وەرزشی نییە، بەڵکو بووەتە بەشێک لە شوناسی نەتەوەیی و کولتووری و زۆرینەشییان هێمای ناشیۆنالیستی و سیاسییان هەیە. بۆ نموونە، تیپە گەورەکانی کوردستان وەک هێمای خۆڕاگری و سەرکەوتنی گەلی کورد سەیر دەکرێن. ئەمەش وا دەکات کە هاندەران زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتن و شکستی تیپەکانیان بکەن و هەر ڕەخنەیەک وەک هێرشێک بۆ سەر شوناسی نەتەوەییان سەیر بکەن. پەیوەندی نێوان هاندەر و تیپ لە هەرێمی کوردستان بووەتە پەیوەندییەکی دەروونی قووڵ. زۆربەی هاندەران لە تەمەنی منداڵییەوە پەیوەست دەبن بە تیپێکەوە و ئەم پەیوەستبوونە دەبێتە بەشێکی گرنگ لە کەسایەتیان. ئەمەش وا دەکات کە نەتوانن بە شێوەیەکی عەقڵانی و دوور لە هەڵچوون مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە وەرزشییەکان بکەن و لە ئاکامدا پەنا بۆ توندوتیژی ببەن. لەلایەکی دیکە دەبینین لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کافتریا و شوێنی کۆبوونەوەی هاندەران بەناوی یانەکانەوە ناونراوە بۆ نموونە، (کافتریای بەرشلۆنە، ڕیال مەدرید، کلاسیکۆ) لە شەقامی ئیسکان لە هەولێر و بەهەمان شێوە لە شارەکانی تریش هەیە. شوناسی تیپ لە کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ شوناسی شار و ناوچەکان.

### 4.2.دیاردەی شارچیەتی و ناوچەگەرایی :

شارچێتی و ناوچەگەری ڕەنگدانەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و جیاوازییە کولتووری و ئابوورییەکانە کە لە نێوان ناوچە جیاوازەکان زۆرکات لە ڕێگەی کێبڕکێی وەرزشییەوە دەردەکەون و دەبنە هۆی دروستبوونی توندوتیژیی. شارچێتی و ناوچەگەری وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێگەی چینایەتی وستراکچەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان، کەلێنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی نێوان ناوچەکان دەبنە هۆی دروستبوونی بەرەنگاربوونەوەی کولتووری کە لە شێوەی ناوچەگەریدا خۆی دەردەخات. لە توێژینەوەیەکی زانستیدا گوالیانۆتی و هاوکارانی کە لە ساڵی(1996) ئەنجامیانداوە، سەبارەت بە کاریگەریی شارچێتی لەسەر توندوتیژیی هاندەرانی تۆپی پێ، دەرکەوتووە کە هەستی شارچێتی و شوناسی شار کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دروستبوونی توندوتیژی لە نێوان هاندەرانی یانە وەرزشییەکاندا. ئەم دیاردەیە زیاتر لەو شارانەدا بەرچاو دەکەوێت کە کێبڕکێی مێژوویی و کولتووری لە نێوانیاندا هەیە ( Giulianotti et al, 1996:67). لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییەوە، شارچێتی و ناوچەگەری دەرخەری ئەو ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییانەن کە تاکەکان لە ڕێگەیانەوە هەوڵی پاراستنی شوناسی خۆیان دەدەن. ئەم دیاردەیە لە بنەڕەتدا دەربڕینی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتییە بەرامبەر بە نایەکسانی و هەڵاواردن لە نێوان ناوچەکاندا. پێشتر ئاماژەمان کرد بە یەکەم دیاردەی توندوتیژیی هاندەرانی تۆپی پێ کە لە نێوان دوو ناوچەی شاری دێربی لە بەریتانیا دروست بوو. ئەوەمان بۆ پشتڕاستدەکاتەوە کە شارچێتی و ناوچەگەری پاشخانێکی مێژوویی دوور و درێژی هەیە.

### 4.3. لاوازی یاسا و ڕێوشوێنە یاساییەکان:

نەبوونی سستمێکی گونجاو و لاوازی لە جێبەجێکردنی یاساکاندا و کەمتەرخەمی لە سزادان و جێبەجێکرنیدا ، هاندەرێکی سەرەکییە بۆ بەردەوامبوونی ئاژاوەگێڕی و توندوتیژی هاندەرانی تۆپی پێ. کاتێک هەواداران دەبینن کە ڕەفتارە توندوتیژەکانیان بێ سزا دەمێننەوە، زیاتر هانیان دەدات بۆ دووبارەکردنەوەی ئەم جۆرە ڕەفتارانە. کاریگەری سستمی یاسایی لە کۆمەڵگادا پەیوەستە بە توانای دامەزراوە یاساییەکان لە جێبەجێکردنی سزاکان و دروستکردنی متمانەی کۆمەڵایەتی. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە لاوازبوونی ئەم سستەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زیادبوونی ڕێژەی لادان و توندوتیژی لە کۆمەڵگادا هەیە. لە کتێبی (Sports Law) دا مارک جیمس(Mark James) ئاماژە بەوە دەکات کە "لاوازی سستەمی یاسایی لە وولاتان و نەبوونی یاسای تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی هاندەران، یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی

بەردەم چارەسەرکردنی توندوتیژیی لە یارییەکانی تۆپی پێدا. زۆربەی وولاتان پشت بە یاسا گشتییەکان دەبەستن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژیی هاندەران، کە ئەمەش وایکردووە نەتواندرێت بە شێوەیەکی کاریگەر ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببنەوە" (James, 2013: 187).
لە گشت کۆمەڵگا جیاوازەکان ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان کاریگەری سستمی سزادان و ئاستی پابەندبوونی تاکەکان بە یاساکان. نەبوونی سزای گونجاو دەبێتە هۆی لاوازبوونی ترسی کۆمەڵایەتی لە یاساشکێنی و زیادبوونی ئەگەری دووبارەبوونەوەی تاوان (هزرشي و حمادی، 2021: 59). کاریگەری سستمی یاسایی پەیوەستە بە توانای کۆمەڵگا لە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ماف و ئەرکەکاندا. لاوازی لە جێبەجێکردنی یاساکاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی دۆخێک کە تێیدا تاکەکان متمانەیان بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی کەم دەبێتەوە. هەندێکجار هاندەران سەرپێچی یاسا بەرکارەکان دەکەن و بە لێخورینی شێتانە و گۆێنەدان بە ڕیساکانی هاتوچۆ و دروست کردنی جەنجاڵی لە شەقامەکان و هەراسانکردنی هەولاتیان. تسوکالا(Tsoukala) ئاماژە بەوە دەکات کە "یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی سستمی یاسایی ئەوەیە کە زۆربەی یاساکان دوای ڕوودانی کێشەکان دادەنرێن، واتە کاردانەوەن نەک پێشگیری. بەر لە ڕوودانی ئەم دیاردانەی یاسا کۆنترۆڵی بەسەرەوە لاوازە و هەروەها نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکان و دواکەوتن لە جێبەجێکردنی سزاکان، وایکردووە یاساکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژیی هاندەراندا" (Tsoukala, 2009:92).
لە کۆمەڵگەی کوردیدا؛ دەسەڵاتی یاسایی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری وەرزشی تا ئێستا نەیانتوانیوە یاسایەکی تۆکمە سەبارەت بە توندوتیژیی هاندەرانی تۆپی پێ دابنێن تا بتوانێت ئەم دیاردەیە بنەبڕ بکات یان کەمیبکاتەوە. بۆ نموونە هاندەرانی دوو یانە ئاژاوە و دووبەرەکی و توندوتیژیی لە نێوانیان ڕوودەدات، لایەنی پەیوەندیدار بۆ یارییەک یان چەند یارییەک یانەکان سزا دەدات کە بەبێ ئامادەبوونی هاندەر یاری بکەن، یاخود بە بڕێک پارە سزایان دەدات. پێرسن(Pearson) لە ساڵی 2024 لە توێژینەوەیەکدا باس لەوە دەکات کە "گرفتی سەرەکی لە جێبەجێکردنی یاساکاندا تەنها نەبوونی یاسای گونجاو نییە، بەڵکو نەبوونی میکانیزمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەیە کە هەن لەگەڵ نەبوونی ئامرازی ڕێگری لەم دیاردە توندوتیژانەدا. زۆرجار دەبینین سزاکان زۆر سووکن بەراورد بە قەبارەی تاوانەکان، یان جێبەجێ ناکرێن بەو شێوەیەی کە پێویستە، ئەمەش وادەکات هاندەران هەست بە بەرپرسیارێتی یاسایی نەکەن بەرامبەر بە هیچ ترسێک ئەو ڕەفتارانە ممارەسە دەکەن لە کاتی یارییەکاندا" ( Pearson, 2024:156). نەبوونی سزای قورس وایکردووە هاندەران لە دووبارە نانەوەی ئاژاوە و بەکارهێنانی توندوتیژیی بێباکامە مامەڵە بکەن، لە لایەکی تر ناکرێت بوارێکی هەستیاری وەکو توندوتیژیی هاندەران لە چوارچێوەی یاسا گشتییەکان بێت. بەڵکو دەبێت یاسای تایبەت هەبێت بە بواری وەرزشی و لەنێویدا پرسی هاندەران بەهەند وەرگیرێت.

### 4.4.جیاوازیی بۆچوونی  سیاسی :

کایەی سیاسی دەمێکە خۆی خزاندۆتە نێو کایەی وەرزش، بەتایبەت زۆر جار یاری تۆپی پێ دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ دەربڕینی ناکۆکی و ململانێی هزرە سیاسییەکان. کاتێک تیپەکان دەبنە هێمای بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان، کێبڕکێی وەرزشی دەگۆڕێت بۆ ململانێی سیاسی بەتایبەت هێما و پڕوپاگەندە سیاسییەکان زۆرترین پشکیان بەرکەوتووە کە سەرەنجام سەردەکێشێ بۆ دیاردەی توندوتیژی. بەکارهێنانی وەرزش بۆ مەبەستی سیاسی دەرخەری ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەیە کە لە نێوان کولتوور، سیاسەت و شوناسدا هەیە. لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان پیشانیان داوە کە یارییە وەرزشییەکان دەتوانن ببنە ڕێگایەک بۆ نزیکبوونەوەو ئاشنابوون بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان کۆمەڵگاکان و ببنە پەیامێک بۆ ئاشتی نێوانووڵاتانی جیهان، بەڵام هەندێکجار دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ دەربڕینی ناکۆکییە سیاسییەکان و بەرەنگاربوونەوەی ئایدیۆلۆژی. یانە وەرزشییەکان دەبنە ویستگەیەک بۆ  بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی شوناسی سیاسی تاکەکان. دەستێوەردانی سیاسەتمەداران لە وەرزشدا کاریگەری نەرێنی لەسەر پێشکەوتنی گیانی وەرزشی دروست دەکات. بیری هۆلیهان (Barrie Houlihan) لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی " The Politics of Sports Development" کە لە ساڵی 2005 ئەنجامیداوە، ئاماژە بەوە دەکات کە دەستێوەردانی

سیاسی ڕاستەوخۆ لە یانە وەرزشییەکان بووەتە هۆی لاوازبوونی سستەمی بەڕێوەبردن و کەمکردنەوەی شەفافیەت لە بڕیارە وەرزشییەکاندا (Houlihan, 2005:163) . لەلایەکی دیکە سەرۆک و کارگێڕی یانەکان ئەو هەست بەم واقیعە دەکەن کە سیاسەت چۆن باڵادەستی ڕەنگی داوەتەوە لەسەر کایەی وەرزش، چونکە پێگە و پلە و پایەکان دەبەخشرێتە کەسایەتیە سیاسیەکان و گەورە بازرگانان، ئەمەش وایکردووە هەژموونی دەسەڵاتیان بەسەر یانەکاندا بسەپێنن . پەیوەندی نێوان هەژموونی سیاسی بەسەر یانەکان و توندوتیژی هاندەران لە کۆمەڵگای کوردیدا پەیوەندییەکی ئاڵۆزە. کاتێک یانەکان دەبنە ناسنامەی سیاسی و حزبی، هەندێک لە هاندەرانیش کۆڕەفتارێک و هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن و یاری وەرزشی دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ دەرخستنی ململانێی سیاسی و حزبی. جۆن هابرمان( John Hoberman)لە کتێبەی بە ناونیشانی"Sport and Political Ideology" لە ساڵی 2017دا، باس لەوە دەکات کە چۆن سیاسەتمەداران وەرزشیان بەکارهێناوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان و بەدەستهێنانی پشتیوانی و هەڵسوکەوتە جەماوەرییەکان. توێژینەوەکە دەریدەخات کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەم دەستێوەردانانە بوونەتە هۆی دروستبوونی دوو بەرەکی و ململانێ لە نێو هاندەران و لاوازکردنی ئاستی کێبرکێ و گیانی وەرزشی .(Hoberman, 2017:29)

لە کۆمەڵگای کوردیدا، زۆرجار دەبینین کە یانەکان وەک نوێنەری شارێک یان ناوچەیەک و ئایدیۆلۆژیای پارتێکی دیاریکراو سەیر دەکرێن. ئەمەش وادەکات هاندەران هەستێکی یەکانگیری ڕەفتاری توند بۆ دژایەتیکردن بەرامبەر یانە ڕکابەرەکان دروست بکەن، نەک تەنها لەسەر بنەمای کێبرکێی وەرزشی، بەڵکو لەسەر بنەمای ناکۆکی سیاسی و حزبی. بۆ نموونە، کاتێک دوو یانە کە سەر بە دوو حزبی جیاوازن یاری دەکەن، هاندەران زیاتر وەک لایەنگری سیاسی مامەڵە دەکەن نەک هاندەری وەرزشی. ئەم دۆخە وایکردووە کە زۆرجار یارییەکان ببنە گۆڕەپانی دەرخستنی توندوتیژی و تورەیی کەڵەکەبووی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هاندەران لەجیاتی چێژ وەرگرتن لە یارییەکی وەرزشی، دەیکەنە دەرفەتێک بۆ تۆڵەسەندنەوە و دەربڕینی ناڕەزایی سیاسی. هەر شکستێکی وەرزشی وەک شکستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر

دەکرێت، کە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پەرەسەندنی توندوتیژی. لەلایەکی دیکە، کەسایەتییە سیاسییەکان هەندێکیان پۆستی سەرۆک یانەکانیان بەدەستەوەیە وەک پۆستێکی فەخری کە وایکردووە هەژموونی سیاسی زاڵبێت بەسەر کایەی وەرزشی ، زۆرجار بێدەنگن لە بەرامبەر توندوتیژی هاندەرانی یانەکانیان، چ بەهۆی پێداگیری و پشتگیری بۆچوون و ئایدیای زاڵبووی تاکەکەسی بێت یان بەهۆی لەدەست دەرچوونی جلەو و کۆنترۆڵی ڕەفتاری جەماوەری. ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی کولتووری توندوتیژی و نەبوونی لێپرسینەوەی یاسایی جددی. هەروەها، نەبوونی سستەمێکی پرۆفیشناڵی بەڕێوەبردنی یانەکان و لاوازی پەروەردەی وەرزشی، وایکردووە کە هاندەران نەتوانن جیاوازی لە نێوان پشتیوانی وەرزشی و توندوتیژی بکەن. لەجیاتی ئەوەی یانەکان پرۆگرامی پەروەردەیی و هۆشیارکردنەوە بۆ هاندەران دابنێن، زیاتر گرنگی بە لایەنی سیاسی و حزبی دەدەن. بەکارهێنانی وەرزش بۆ مەرامی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا وایکردووە ئەم بوارە لە هەندێک قۆناغ بوەستێ و گەشە بەخۆیەوە نەبینێ.

### 4.5.ململانێی بە دەستهێنانی قازانجە مادییەکان :

تۆپی پێ بەهۆی توخمە وروووژێنەکەی بووەتە ڕێگاییەکی ئاسانی دەستکەوتنی قازانج و سەرمایەی زۆر، گرنگی زۆری لایەنی مادی و قازانج لە یاری تۆپی پێدا دەتوانێت هەواداران بەرەو توندوتیژی ببات. کاتێک بردنەوە و دۆڕان پەیوەندی بە بڕێکی زۆری بەدەستهینانی سامانەوە هەیە زۆرجار دەچێتە قۆناغی خەیاڵیەوە، هەواداران هەموو سنوورێکی ئاکاری و یاسایی تێپەڕێنن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان :(Gumusgul and acet, 2016 32). کۆمپانیا گەورەکانی بواری وەرزش و خاوەن یانەکان زۆرجار بۆ زیادکردنی داهاتیان، ناڕاستەوخۆ هانی دروستکردنی دووبەرەکی و ناکۆکی دەدەن لە نێوان هاندەرانی یانە جیاوازەکان. ئەمەش لە ڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەکرێتەوە و دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستی هاندەران. کاتێک هاندەران هەست بە دووبەرەکی دەکەن، ئەگەری توندوتیژیی و پێکدادان زیاد دەکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی فرۆشی بلیت و

بەرهەمەکانی یانەکان، سەرەنجام ڕەنگدەداتەوە بۆ دروست بوونی هەڵومەرجێکی بازرگانی تەواو.

جێمس بانکس (James Banks) ئاماژە بەوە دەکات گرەوکردن لەسەر یارییەکانی تۆپی پێ و دۆڕاندنی بڕە پارەی زۆر، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دروستبوونی توندوتیژیی لە نێو هاندەراندا. زۆرجار ئەو هاندەرانەی بڕێکی زۆر پارە دەدۆڕێنن، پەنا دەبەنە بەر توندوتیژیی وەک کاردانەوەیەک بۆ دۆڕاندنەکەیان و هەوڵی دەرکردنی تووڕەییەکانیان" :Banks, 2017) 143).گرەوکردن لەسەر یارییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە هاندەران تەنها گرنگی بە ئەنجامی یارییەکان بدەن، نەک خودی پرسی وەرزشەکە. کاتێک پارەیەکی زۆریان لەسەر ئەنجامێکی دیاریکراو داناوە و یارییەکە بەو شێوەیە ناڕوات، دەست دەدەنە توندوتیژیی و ئاژاوە. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کەشی یاریگاکان و سەلامەتی هاندەران و یاریزانان دروست دەکات. زۆر لە هاندەران کە گیرۆدەی گرەوکردن بوون، تووشی گرفتی دارایی دەبن و سەرەنجام ڕەنگ دەداتەوە لەسەر لایەنی دەروونی هاندەران و ناچاریان دەکات پەنا بۆ توندوتیژیی ببەن تاوەکو بەشێک لەو زیانەی کردوویانە لە ڕووی ماددییەوە بەهەڵچوونە توندوتیژەکانیان قەرەبووی بکەنەوە. بەپێی توێژینەوەیەک کە لۆپێز گۆنزالز و هاوکارانی (Lopez-Gonzalez) کە لە ساڵی (2019) ئەنجامیانداوە دەرکەوتووە کە "قومارکردن لەسەر یارییەکانی تۆپی پێ تەنها گرفتەیەکی دارایی نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەفتاری هاندەران دروست دەکات. لە توێژینەوەکەیان دەریانخستووە کە زۆربەی ئەو هاندەرانەی بەشداری لە کردەوە توندوتیژییەکاندا دەکەن، پێشتر بڕێکی زۆر پارەیان لە گرەودا دۆڕاندووە" (Gonzalez et al, 2019:11). هەر بۆیە ئەوانەی گرەو دەکەن بەردەوام هەوڵی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان دەدەن و ئەمەش وایان لێدەکات زیاتر پارە لەدەست بدەن. کاتێک دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، هەندێکیان پەنا دەبەنە بەر توندوتیژیی و هەڵدەچن و دەمارگرژدەبن و پەلاماری هەموو شتێک دەدەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 4.5. هەستی سەر بە گرووپ بوون:

هەستی بەگرووپبوون و یەکگرتوویی لە نێوان هاندەراندا دەتوانێت دوو ڕەهەندی دژ بەیەک بگرێتە خۆی. لە لایەک، دەتوانێت هەستی هاوکاری و پشتیوانی بەهێز بکات، بەڵام لە لایەکی ترەوە، ئەم هەستە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی دوژمنایەتی لەگەڵ گرووپەکانی تر و هاندانی توندوتیژی بەکۆمەڵ. هەستی بەگرووپبوون لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەهەندێکی تایبەتی هەیە کە زیاتر پەیوەستە بە کولتووری ناوچەگەرایی یان خێڵەکی و عەشیرەتگەرییەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم هەستە کاتێک دەگوازرێتەوە بۆ یاری تۆپی پێ، دەبینین هاندەران وەک خێڵێک مامەڵە دەکەن و شەرەفی تیپەکەیان وەک شەرەفی خێڵەکەیان دەبینن. ئەمەش وا دەکات کە هەر سووکایەتییەک وەک هێرشێک بۆ سەر شەرەفی گشتییان سەیر بکەن و بە دەمارگیری و توندوتیژی وەڵامی بدەنەوە. دۆرکهایم پێیوایە تاک کەسێیەتییەکی ڕەها نیە تەنها بۆ خۆی بەس بێت و بتوانێت بەبێ ژینگەی دەورووبەری کار بکات، بەڵکو بریتییە لە ئۆرگانێک کە کرداری تایبەت بەخۆی هەیە و ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ ئۆرگانەکانی تر نەبێت، لەم بارودۆخەدا هاریکاری نەک بووەتە شتێکی شیاو، بەڵکو بووەتە پێویستی (دۆرکهایم, 2020: 363)

گرووپگەرایی لە وەرزشی کوردیدا تەنها پەیوەست نییە بە یارییەوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەیە. زۆرجار دەبینین کە هاندەرانی تیپەکان لەسەر بنەمای شار، ناوچە، یان تەنانەت لایەنی سیاسی دابەش بوون. ئەم دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە قووڵە ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکات و ببێتە هۆی دروستبوونی دوژمنایەتی و توندوتیژیی، لە بری ڕکابەری و کێبڕکێی وەرزشی. هەستی گرووپی لە نێو هاندەرانی کورددا بووەتە هۆی دروستبوونی نەریتێکی تایبەت کە تیایدا هاندەران ناسنامەی تاکەکەسی خۆیان لەدەست دەدەن و تەنها وەک بەشێک لە گرووپەکە بیر دەکەنەوە. دەکرێت ئەم دۆخە ببێتە هۆی ئەوەی کە تاکەکان هەست بە بەرپرسیارێتی کەمتر بکەن لە کردەوەکانیان، چونکە خۆیان وەک بەشێک لە گرووپێکی گەورەتر دەبینن و بڕیارەکانیان لەژێر کاریگەری گرووپدا دەدەن، نەک وەک تاکێکی بەرپرسیار.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێنجەم. باکگراوندی تیۆریی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان :

توندوتیژی هێمایی تیۆرەوانی فەرەنسی پییەر بۆردیۆ(1930-2002) بازدانێکی جۆریی بوو لە کایەی کۆمەڵناسیدا کە بە شێوەیەکی سستماتیک لە کتێبی "Reproduction in Education, Society and Culture" لە ساڵی 1970 گەڵاڵە کرا. سەرەتا بۆردیۆ ئەم تیۆرەی بۆ شیکردنەوەی سستمی پەروەردە بەکارهێنا، بەڵام دواتر بواری بەکارهێنانی فراوانتر بوو. (بۆردیۆ، 2017: 10).

ئاراستە تیۆری توندوتیژی هێمایی باس لە میکانیزمە شاراوەکانی بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی و چەوسانەوە دەکات لە کۆمەڵگادا. لە ڕێگەی تێگەیشتنێکی قووڵ لە داینامیکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتە کولتوورییەکانەوە هەوڵی شیکردنەوەی توندوتیژی نەرم دەدات، کەگرنگییەکی تایبەتی هەیە لە تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییدا (Bourdieu, 2021:167)، چونکە میکانیزمەکانی توندوتیژی هێمایی لە ڕێگەی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان و سستمە پەروەردەیی و کولتوورییەکانەوە دەچێنرێن، لە کایە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگادا بە شێوەی جیاواز دەردەکەون. زۆر جار قوربانییانی توندوتیژیی هێمایی نەک هەر هەست بە بوونی توندوتیژییەکە ناکەن، بەڵکو بەبێ ویست و ئاگاییەوە بەشداری لە بەرهەمهێنانەوەیدا دەکەن.

توندوتیژیی هێمایی لای بۆردیۆ وەك توندوتیژییەکی نافیزیکی پێناسە دەکرێت، کە لەسەر بنەمای ئامرازە پەروەردەییەکان و تەڵقینی مەعریفی و ئایدۆلۆژیا، ئەنجامدەدرێت، وەک باسمانکرد ئەم توندوتیژییە فۆرمێکی نەرمە و بەرجەستە نییە، بۆیە لێکەوتەکانیشی تا تاک دەرینەبڕێت زۆر کات بە پەنهانی دەمێنێتەوە (شارعپور، 2023: 101)، ئاستی کاریگەری توندوتیژییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەو هێمایانەی دەردەبڕدرێن. توندوتیژیی دوو فۆرمی سەرەکی هەیە، یەکەمیان: توندوتیژیی ماددی و دیاردە جیاوازەکانی، دووهەمیان: توندوتیژیی هێمایی کە بۆردیۆ هەندێك لە ئامرازەکان و مەودای کاریگەرییەکەی، بۆمان ڕوونکردۆتەوە، هەر لێرەشەوە دەردەکەوێت کە ئەستەمە بتوانرێت قسە لەبارەی کۆمەڵگایەکی مرۆییەوە بکرێت کە خاڵی بێت لە توندوتیژیی ، واتا توندوتیژیی هێمایی دیاردەیەکە بوونی هەبووە لە مێژووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگا مرۆییەکاندا (Clifford et al,2012:381). سەبارەت بە توندوتیژیی هێمایی چەند بنەمایەکی هەیە، کە بۆردیۆ ئاماژەی پێداون، بۆ نموونە وەکو میکانیزمی چەوساندنەوە ئەگەر بێت و هاندەرانی تۆپی پێ لە کۆمەڵگەیەک بن کە لە ڕووی دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە چەوساوە بن، دەبێتە هۆی ئەوەی بیروڕای خۆیان بکەنە ئامرازێک بۆ پڕکردنەوەی خەمی چەوساندنەوە و بەتاڵکردنی دەروونیان (Pearson, 2024:156) ، ئەو نادادییانەی کۆمەڵگای کوردی وەکو دابەشبوونی سیاسی بەسەر دوو زۆن (زۆنی زەرد و سەوز)، خراپی دۆخی ئابوری و دروستبوونی دوو چین و وون بوونی چینی ناوەند، پەراوێزخستنی هاونیشتمانی و گرنگیدان بە هاووڵاتیانی بیانی، ئەمانە و چەندین پاڵنەری تر هەن ئینتیمای تاکی کاڵ کردۆتەوە سەبارەت بە گشت کایەکانی ژیان.

لەلایەکی دیکە دەبینین لەسەر بنەمای شارچێتی و هەستی گروپ بوون و شوناس، کەمتەرخەمی لە پرۆسەی خوێندن و پیگەیاندنی تاکی هۆشیار لە کۆمەڵگا، تەمەنکردن لە ژینگەیەکی نەگونجاوی کۆمەڵایەتی، هاندەرە بۆ دروستبوونی کەسایەتی ئاژاوەگێڕ و توندوتیژ. ئەم بنەمایانە بەجیا یان بەیەکەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری توندوتیژیی. (حسن، 2020: 143). گومانی تێدا نیە ئەو بنەمایانەی باسمانکرد دەبنە هەوێنی بەرهەمهێنانی ئاژاوە و توندوتیژیی و لە ڕێگای هێما و دەستەواژەی ئازاربەخش و بریندارکەر دەردەبڕدرێن و لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا ئاراستەی یەکتر دەکرێن.

توندوتیژیی هاندەران لە تێکڕای کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە ، بەڵام ڕاددە و قەبارەی دیاردەکە و هۆشیاری کۆمەڵگا و حکومەتەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە، لە کۆمەڵگای کوردی بواری وەرزش کەموکوڕی زۆری هەیە لە یاسا بەرکارەکانی وەرزشی، کە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە تا بگونجێت لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی کۆمەڵگا، هەروەها کەمتەرخەمی و گرنگینەدان هەیە لە بڕەودان و بەرەو پێش بردنی هۆشیاری وەرزشی هاندەران کە زۆر پێویستە کاری لەسەر بکرێت.

سەبارەت بە توندوتیژیی هاندەران، ناکرێ بەتەنها لەو دیوە بدوێین، کە هەمووان زۆر بەئاسانی دەیبینین یاخود لانیکەم گوێبیستی بووین و درکی پێدەکەین، لەڕاستیدا پێویستیمان بە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆچونی تەواو دەبێت بۆ قوولبوونەوەو شەن و کەوکردنی بابەتەکە، تیۆری هێمایی بۆردیۆ دەروازەیەکی گرنگمان بۆ دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە دینامیکیەتی توندوتیژی لە نێو هاندەرانی تۆپی پێدا، لەبەرئەوەی ئەم تیۆرە پەیوەندی نێوان تاک، کۆمەڵگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون دەکاتەوە. کەواتە، دەتوانین لەم ڕێگەیەوە شیکردنەوەیەکی قووڵ بۆ پاڵنەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ڕەفتاری توندوتیژی بکەین. بۆردیۆ ئاماژە بە چەمکی (هابیتۆس-Habitus)1 دەدات، پێیوایە ئەو شتەیە کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات، ڕوو بکەنە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە پەیوەستن پێیەوە و ئەو خوو و عادەتانە وەربگرن کە لەگەڵ پەیوەستییە کۆمەڵایەتییەکەیان هەماهەنگ و گونجاوە (کۆیش، 2011: 142).هاندەرانی تۆپی پێ لە ڕێگەی پرۆسەیەکی درێژخایەنی کۆمەڵایەتیبوونەوە هابیتۆس(Habitus) ێکی تایبەت بە خۆیان پێکدەهێنن، چونکە ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی بەشداریکردن لە چالاکییە وەرزشییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەبێت. هەرچەندە، "ئەم هابیتۆس(Habitus)ە تەنها لە یاریگاکاندا دروست نابێت، بەڵکو لە شوێنە گشتییەکانی دەرەوەی یاریگاکانیش، کە هەوادارانی ئەم یارییە تێیدا کۆدەبنەوە دروست دەبێت" (Spaaij, 2011:83). توندوتیژیی وەرزشی دوژمنایەتی و دابڕان و رق و کینە دەخاتە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاوە، بەشێوەیەك دەبێتە هۆی تەشەنەسەندنی ئاڵەنگاری لە پەیوەندییەکاندا، وێڕای ئەوەی دووبەرەکی دەخاتە نێوان خەڵك و ڕوبەڕوبوونەوەی ڕاستەوخۆی توندوتیژ بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەوا زۆربەی کات دەرگای دیالۆگ و وتووێژکردن دادەخات.

هابیتۆسی هاندەران پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شوناسی کۆمەڵایەتی و تیمەکاندا هەیە، چونکە زۆربەی هاندەران خۆیان وەک بەشێکی جیانەکراوە لە تیمەکەیان دەبینن. لەگەڵ ئەوەی ئەم هەستە بەهێزە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی هاوپشتی و یەکگرتوویی، بەڵام هەندێک جار دەبێتە هۆی دروستبوونی توندوتیژی بەرامبەر هاندەرانی تیمەکانی تر (Numerato, 2018: 92). بۆردیۆ گرنگییەکی تایبەت دەدات بە ڕۆڵی سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنانی

[1] (هابیتۆس-Habitus) ئەو شتەیە کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات، ڕوو بکەنە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە پەیوەستن پێیەوە و ئەو خوو و عادەتانە وەربگرن کە لەگەڵ پەیوەستییە کۆمەڵایەتییەکەیان هەماهەنگ و گونجاوە (کۆیش، 2011: 142).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هابیتۆس (Habitus)دا. لەبەرئەوە، پێویستە سەرنج بدەینە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری هاندەران، چونکە ئەمانە کاریگەرییان لەسەر شێوازی دەربڕین و ڕەفتاریان هەیە (Cleland et al, 2018: 145).

ژینگەی کۆمەڵگای کوردی خاوەن تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی خۆیەتی، کە کاریگەری لەسەر شێوازی دەربڕینی هەست و سۆز و ڕەفتاری هاندەراندا، دەبێت، بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا، میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە پێکهێنان و گۆڕینی Habitus ی هاندەراندا، بەجۆرێک، ئامرازی خێران لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکاندا، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەڵچوون و ڕەفتاری هاندەران دەبێت. کۆمەڵگای کوردی لەڕووی سەرمایەی کۆمەڵایەتیەوە تا ئێستا دەوڵەمەندە و پەیوەندییە خێزانیەکان و هاوبەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی، بەهێزە. هەستی هاوبەش و بوونی هاریکاری لە نێوانیان بەدیدەکرێت. ئەگەرچی بێبەش نەبووە لەو تەووژمە گۆڕانکارییە خێراییەی کۆمەڵگاکانی گرتۆتەوە. لەلایەکی دیکە ویستی بەدەستهێنانی قازانجی مادی لە ڕێگای گرەو کردن لەسەر ئەنجامی یارییەکان لە نێوان هاندەران، یاخود دانانی پارەی زۆر لە ئەکاوەنتەکانی گرەوکردن بۆ ئەنجامی یارییەکان ئاستی توندوتیژییەکانی نێو هاندەرانی بەرەو ئاستێکی مەترسیداربردووە، چونکە بۆ زۆرێک لە تاکەکان ئێستا گیرۆدەی گرەوکردنن و ناتوانن دەستبەرداری بن، لە ئاکامی دۆڕانی گرەوەکەیان زۆرجار پەنا دەبنەنە بەر نانەوەی ئاژاوە و توندوتیژیی.لێکەوتەکانی گرەوکردن هەر تەنها لەسەر خودی تاک دیارناکەوێت، بەڵکو خێزان و خانەوادەکەشی دەکەونە نێو ئەو گرفتەوە. وەک دەزانین وەرزش و پارە خەسلەتی ورووژێنەریان هەیە بۆ تاکەکان، یەکەمیان؛ وەکو خولیا و ئارەزوو بەسەربردنی کات سەیردەکرێت و هەنگاو بەهەنگاو تاکەکان دەستەمۆی دەبن، بۆیە لە هەردوو ڕەگەز و لە گشت تەمەنێک هاندەری تۆپی پێ هەن، دەستکەوتنی قازانجی مادی بە ڕێگەی گرەوکردنیش لەسەر ئەنجامی یارییەکانی تۆپی پێ، کە سەرەتا هاندەران بە ڕێگایەکی ئاسانی دەزانن، بەڵام بێئاگاییانە گیرۆدەی دەبن ناتوانن دەسبەرداری بن، کە لە ئێستادا زۆرترین گرەو لەنێوان هاندەرانی تۆپی پێ دەکرێت بە تایبەتی لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییە بەهێزەکانی چ خولەکانی ناوخۆ بێت یان دەرەکی.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1- توێژینەوەکە دەریخست کە توندوتیژیی هاندەران لە کۆمەڵگای کوردیدا تەنها ڕەهەندێکی جەستەیی نییە، بەڵکو توندوتیژیی هێمایی (وەک لە تیۆریی بۆردیۆدا ئاماژەی پێکراوە) لە ڕێگەی دەستەواژەی ناوچەگەری، سیاسی و سووکایەتییەوە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە وروژاندنی ململانێکاندا.

2- دەرکەوت کە شوناسی تیپ لە هەرێمی کوردستان تێکەڵ بە شوناسی شارچێتی و سیاسی بووە، ئەمەش وایکردووە کێبڕکێی وەرزشی لە چوارچێوەی خۆی دەربچێت و ببێتە گۆڕەپانێک بۆ دەربڕینی ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە قووڵەکان.

3- شیکردنەوەکە دەریدەخات کە دیاردەی گرەوکردن، پاڵنەرێکی نوێ و بەهێزی بۆ توندوتیژی زیاد کردووە. ئەم دیاردەیە سروشتی هاندانی لە چێژوەرگرتنی وەرزشییەوە گۆڕیوە بۆ بەرژەوەندیی ماددیی ڕەها، کە دۆڕاندن تێیدا دەبێتە هۆی هەڵچوونی توندوتیژانە و نائومێدی.

4- لاوازیی پەروەردەی وەرزشی و نەبوونی کولتوورێکی ڕەخنەگرانە وایکردووە، کە (هاندانی توند) وەک بەشێک لە وەفاداری بۆ یانە سەیر بکرێت، ئەمەش کەلێنێکی گەورەی لە هۆشیاریی گشتی و گیانی وەرزشیدا دروست کردووە.

5- " توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە نەبوونی یاسایەکی تایبەتمەند بە توندوتیژیی یاریگاکان و لاوازیی میکانیزمی لێپرسینەوە و سزادان، بۆشاییەکی یاسایی دروست کردووە کە وایکردووە هاندەران هەست بە پارێزبەندی بکەن و لە دووبارەکردنەوەی ڕەفتارە توندوتیژانەکان سڵ نەکەنەوە.

6- توندوتیژیی هاندەران تەنها لە یاریگادا ڕوونادات، بەڵکو لە ڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە شێوەیەکی بەردەوام توندوتیژیی هێمایی (سووکایەتی، جنێودان، تۆمەت) بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئەمەش زەمینە بۆ توندوتیژیی جەستەیی خۆش دەکات و وەک دیاردەیەکی "ئاسایی" لەنێو هاندەراندا پەسەند دەکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

1- نەهێشتنی هەژموونی لایەنە سیاسیەکان لەسەر بواری وەرزش بە تایبەت تۆپی پێ، کە خاوەن هاندەرێکی زۆرە، کاڵکردنەوەی هەستی شارچێتی و جیاوازییە سیاسیەکان لە نێوان هاندەراندا.

2- بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی :دارشتنی هەڵمەتەکانی پەروەردەیی بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژی لە وەرزشدا.

3- هەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوەی هاندەران سەبارەت بە لێکەوتە نەرێنییەکانی گرەوکردن.

4- بەهێزکردنی یاساکان :جێبەجێکردنی ڕێسا یاساییەکان بۆ سزادانی ڕەفتارە توندوتیژەکان بۆ ئەو هاندەرانەی تۆپی پێ کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارن تێیدا.

5- پەرەپێدانی پەروەردەی وەرزشی :پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی پەروەردەیی بۆ هاندەران بۆ پەرەپێدانی کولتووری کێبڕکێی ئەرێنی و کاڵکردنەوەی هەستی سەربەگروپ بوون.

## سەرچاوەکان

ئەلحەیدەری, ئیبراهیم( 2018) سۆسیۆلۆژیای توندوتیژیی و تیرۆر، و: دانا مەلا حەسەن. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

پیندرۆیی, محەمەد سالح( 2012) ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە ڕیشەکێشکردنی توندوتیژیدا. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

حسین, عەدنان یوسف( 2020) هاندانی توندوتیژیی میدیایی وکاریگەری لەسەر هەڵکشانی ناکۆکی ، و:کەمال فاروق نەصرەدین. تاران: چاپخانەی ماد(تاران).

دۆرکهایم, ئیمیل(2020) دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگەدا, و:بیلال ئیسماعیل حەمە، سلێمانی: چاپخانەی تاران.

شارعپور, محمود( 2023) کۆمەڵناسی پەروەردە، و: سوارە سەباح. هەولێر, ناوەندی فێربوون.

عوسمان،ئومێد ( 2017). پییەر بۆردیۆ، سلێمانی: دەزگای ئایدیا.

کۆیش, دنێ( 2011) کۆمەڵناسی، و: سامان خدر. هەولێر: چاپخانەی منارە.

محەمەد, فائیز ئیبراهیم( 2022) بنەماکانی کۆرەفتار،  هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

نەورۆلی, فارس( 2020) دەروازەی چەمکەکان، چاپی چوارەم. سلێمانی: چاپخانەی تاران.

یاسین, عزالدین عبدالله( 2023) توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەری. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

احمد ،هاوكار سالار (2020)  العنف والشغب في إقليم كردستان لكرة القدم. جامعة السلمانية. مجلة علوم التربية الرياضية.المجلد .13 العدد (7).ص 259-282

الملك, ابن بطال أبو الحسن علي بن خلف بن عبد(2003)شرح صحيح البخاري . رياض: مكتبة الرشد.

جواد، ناظم كاظم ، حارز, أيسر أحمد (2014) إيجاد مستويات معيارية للتعصب الرياضي لمشجعي كرة القدم.كلية التربية الاساسية. جامعة ديالى،مجلة الفتح. العدد(57).158-173.

حسن, محمود فوزى( 2020)  العنف الرمزي لبيير بورديو،ت:نظير جاهل، مقاربة سوسيولوجية نقدية." (مجلة العلوم الاجتماعية والإنسانية).بيروت، المركز الثقافي العربي.

الشناوي, محمد محروس( 2020). مدخل علم النفس الاجتماعي. القاهرة: دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع.

سركوح, محمد. 2016. نظرة حول ظاهرة الشغب في الملاعب الرياضية. مجلة القانون والاعمال.

عبيد, نوال. 2022. "عبيد. (2022). العنف في الملاعب الرياضية: الأسباب والحلول. دراسات في العلوم الإنسانية والاجتماعية,  22العدد(2), 146-166.

القران الكريم،2007. البقرة. دمشق: دار الفجر.

محمد, مصطفى السايح. 2007. علم الاجتماع الرياضي. الاسكندرية: دار الوفاء للطباعة والنشر.

هزرشي, سليمان و حمادي, عامر. 2021. طرق و آليات الوقاية من العنف في الملاعب الرياضية الجزائرية. مجلة المنظومة الرياضية, 8 العدد (2), 59-78

Banks, J. 2017. *Gambling, crime and society*. Sheffield,United Kingdom: Sheffield, Hallam University. Bordieu, Pierre. 1991. Language and symbolic power. Translated by G.Raymond and M.Adamson. Cambridge: Polity Pess.

Bourdieu, Pierre. 1977. *outline of a Theory of Practic*. Translated by R.Nice. Cambridge University.

Bourdieu, P. (1991). Language and symbolic power (G. Raymond & M. Adamson, Trans.). Polity Press.

Bourdieu, P. and Wacquant, L. 2021. *An Invitation to Reflexive Sociology*: Updated Edition. Cambridge: Polity Press.

Cleland, J., Doidge, M., Millward, P., and Widdop, P. 2018. *Collective Action and Football Fandom: A Relational Sociological Approach*. Palgrave Macmillan.

Clifford Stott, James Hoggett and Geoff Pearson. 2012. *Keeping the Peace': Social Identity, Procedural Justice and the Policing of Football Crowds*. Drury, John. 2018. "The role of social identity processes in mass emergency behaviour: An integrative review.72.

Drury, J. (2018). The role of social identity processes in mass emergency behaviour: An integrative review. European Review of Social Psychology, 29(1), 38-81.

Giddens, Anthony. 1984. *The Constitution of Society:Outline of the Theory of Structuration*. United States: University of California.

Giulianotti, R., Bonney, N., Hepworth, M and Russell, G. W. 1996*. Football, violence and social identity*. Aggressive Behavior, 22(1), 67-68.

Gumusgul, O., and Acet, M. 2016. *The open sore of football: Aggressive violent behavior and hooliganism. Physical Culture and Sport*. Studies and Research,71(1), 30-37

Hoberman, J. 2017. *Sport and political doctrine in a post-ideological age*. The Oxford handbook of sports history, 29.

Houlihan, B. 2005. *'The Politics of Sports Development: Development of Sport or Development Through Sport?*', London: Routledge.

James, M. 2013. "*Sports Law*" (Second Edition), Palgrave Macmillan Law Masters.

Lopez-Gonzalez, H., Estévez, A., & Griffiths, M. D. 2019. *" Internet-based structural characteristics of sports betting and problem gambling severity: Is there a relationship?* International Journal of Mental Health and Addiction, 17, 1360-1373.

Numerato, Dino. 2018. *Football Fans, Activism and Social Change*. London.

Park, Robert. 1967. *On Social Control and Collective Behavior*. Chicago: University of Chicago.

Pearson, G. 2024. *"An ethnography of English football fans: Cans, cops and carnivals. In An ethnography of English football fans*. Manchester University Press.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Shatnawi,Motasim Mahmoud, Al-saeedin,Muhammad saeed and Aljmaele,Ibrahim Mustafa. Sorts Violence from the point of view students of the college of sports Sciences at Tikrit University in Iraq. Journal of studies and Researches of sport Education. Vol.32, No.2, 39-52

Spaaij, Ramón. 2011. *Sport and Social Mobility*. New York.

Stott, C., Hoggett, J., & Pearson, G. (2012). ‘Keeping the peace’: Social identity, procedural justice and the policing of football crowds. Policing and Society, 22(1), 381-399.

Tsoukala, A. 2009. *Football hooliganism in Europe*: Security and civil liberties in the balance. Springer.

Zani, B., and Kirchler, E. 1991. " *When violence overshadows the spirit of sporting competition: Italian football fans and their clubs*. Journal of Community and Applied Social Psychology, 1, 5-21

---

# Social Motivations of Hooliganism and Violence Among Football

## Theoretical analytical research

**Abdullah Ali Abdullah**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: 8abdullah11abdullah83@gmail.com

**Shvan Ismael Hamad**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Shvan.hamad@su.edu.krd

## Abstract

This research examines the social motivations behind violence and disruptive behavior among football fans in Kurdish society, which negatively impacts sports, community, and public safety. Football fan violence is clearly a global

phenomenon observed across diverse societies, and Kurdish society has not been immune to this phenomenon. Through descriptive analytical methodology, this research attempts to elucidate the social drivers of disruptive behavior and violence among football supporters. The study aims to identify relationships between social factors—such as team identity, sense of group belonging, and political differences—and fans' propensity for violent behavior. Through scientific analysis, the research seeks to uncover the roots of this phenomenon and discover effective strategies for reducing violence in stadiums and public spaces. The significance of this research lies in addressing knowledge gaps and developing social awareness in Kurdish society regarding the negative impacts of sports-related violence.

***Keywords:*** *Social motivations, psychological motivations, hooliganism, violence, football supporters*.

# العوامل الاجتماعية للشغب و العنف بين مشجعي كرة القدم
## بحث النظري التحليلي

**ملخص**

يسلّط هذا البحث الضوء على الدوافع الاجتماعية لظاهرة العنف والسلوك التخريبي بين مشجعي كرة القدم في المجتمع الكردي، والتي تؤثر سلباً على الرياضة والمجتمع والأمن العام. من الواضح أن عنف مشجعي كرة القدم يمثل ظاهرة عالمية تلاحظ في مجتمعات متنوعة، ولم يكن المجتمع الكردي بمنأى عن هذه الظاهرة. من خلال المنهج التحليلي الوصفي، يحاول هذا البحث توضيح المحركات الاجتماعية للسلوك التخريبي والعنف بين مشجعي كرة القدم. تهدف الدراسة إلى تحديد العلاقات بين العوامل الاجتماعية—مثل هوية الفريق، والشعور بالانتماء الجماعي، والاختلافات السياسية—وميل المشجعين نحو السلوك العنيف. من خلال التحليل العلمي، يسعى البحث إلى كشف جذور هذه الظاهرة واكتشاف استراتيجيات فعّالة للحد من العنف في الملاعب والأماكن العامة. تكمن أهمية هذا البحث في سد الفجوات المعرفية وتطوير الوعي الاجتماعي في المجتمع الكردي فيما يتعلق بالآثار السلبية للعنف المرتبط بالرياضة.